

# ڕێگاکانی گەورەنیشاندانی چاوەکانت

خەون و ئاواتی هەموو کچێکە دوو چاوی گەورە و گەشی هەبێت، ئەوانەی کە چاویان بچووکە، یان بە هەڵەی ماکیاژەوە چاوەکانیان بە بچووکی نیشان دەدەن، دەتوانن لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکەوە کە لەلایەن گۆڤاری (گۆزمۆپۆلیتان) ڕوونکراوەتەوە، چاوە بچووکەکانیان بە گەورەترین شێوە دەربخەن. ئاشلی سوشی پسپۆڕی جوانکاری لە شاری نیویۆرك دەڵێ: ماسکارە بە کەرەستەی سەرەکیی ماکیاژت دابنێ، کاتێك تەبەقەیەك لە چاوانت دەدەیت، بۆ جارێکی دیکە لە چیوی دەرەوەی برژانگت، دووبارە ئەو کارە بکەوە، بەمەش بەشی دەرەوەی چاوانت کراوە و گەورە نیشان دەدات. کاتێك شادۆی بە بریقە بۆ برژانگت دەکەیت، هەوڵبدە زیاتر لە بەشی سەرەوە تۆخی بکەیت، پاشان ناوەڕاستی برژانگت هەندێکی دیکەی شادۆی سێبەر بکەیت، دواتر بە پەنجەت تێکەڵی بکە، پاشان بە شادۆی چاو ڕێکی بخە. بۆ گەورەنیشاندانی چاوەکانت، هەوڵبدە ڕەنگی پەمەیی لە دەوروبەری چاوانت بدەیت، ئەو کارەش بە کۆنسیلەر بۆ بەشی ناوەوەی چاوەکان دەکرێت، کاتێك لەو ڕەنگە دەبێت، شێوەیەکی کراوە بە دەوروبەری چاوەکانت دەبەخشێت. برۆی کەوانە، یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە چاوانت گەورە نیشان دەدات، بەهۆی شێوە کەوانەکەی، بۆیە ئەوانەی چاویان بچووکە، دەتوانن مۆدی برۆی کەوانە بۆ چاوانیان بکەن.





# ڕەنگی سپی بۆ ئێکسسوارەکانی وەرزی گەرما

لە کەشی گەرمادا، پێویستت بە جۆرە جلوبەرگ و ئێکسسوارێکە کە لەگەڵ گەرما و شێوەی ئەو وەرزە بگونجێن، بەتایبەت لە ڕووی ڕەنگەوە، چونکە ڕەنگی ئێکسسوار و جلی وەرزی هاوین جیاوازن لەگەڵ وەرزەکانی دیکەدا، ئەو ڕەنگانەی لە وەرزی گەرمادا باو دەبن بریتین لە: سپی، شین و سەوز، بەهۆی ئەوەی ئەو ڕەنگانە دەبنە هۆکاری ڕەتدانەوە و ڕەنگدانەوەی تیشکی هەتاو، بەمەش بە بریق و باق دەبێت، مارکەی بۆلگەری (Bulgari )



لە دوا بەرهەمەکانی ئێکسسوارەکانی وەرزی هاویندا تیشکی خستۆتە سەر بەکارهێنانی ڕەنگی سپی بۆ سەراپای خشلەکان، ئەو مۆدەیە ناوی (شۆمیت – chaumet)ـە، وەك ئەوەی نیشانەی پاکی و هەستی ناسك بێت، بەشێکی زۆری ئێکسسوارەکانی وەك: گوارە، ئەنگوستیلە، بازن و ملوانکە و تاجی لە ڕەنگی سپی پۆشیوە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئێکسسوارەکەش نەبێ، نیوەی زیاتری لە ڕەنگی سپییە. ئەو ڕەنگە سپیە گوزارشت لە شای ڕەنگەکان دەکات و ئافرەتانیش دەکاتە کچە شا و شاژن.



## هەڵە باوەکانی هەڵبژاردنی جلوبەرگ

ڕەنگە جل و پۆشاکێکی نایاب و لە مارکەیەکی گرانبەهات دەستبکەوێت، یان هەر جلێکی دیکەی ئاسایی کە پڕ بە دڵی خۆت هەڵیدەبژێریت، دواتر کە تاقی دەکەیتەوە، ئەنجامەکەی بە دڵت نابێت، وەك ئەوەی هەڵەیەکی گەورەت لە هەڵبژاردنی ئەو جلەدا کردبێت، بەمەش ئاگاداری هەڵەکەت نابیت و ڕەنگە جارێکی دیکە دووبارەی بکەیتەوە. گۆڤاری (ئەندیا)ی تایبەت بە خانمان، هەڵە زەقەکانی هەڵبژاردنی جلوبەرگی بەمجۆرە خستۆتەڕوو:

کاتێك ویستت بۆدی و کراس و فانیلایەکی کراوەت لەبەر بێت، نابێت بەشی خوارەوە، پانتۆڵ، تەنوورە، ستریجیشت کراوە و بەرین بێت، چونکە بوونی هەردوو شێوازی کراوە، شێوەی جەستەت تێکدەدەن و بۆیە چاکترە پێچەوانە بن. سەبارەت بە پانتۆڵی جینز (کابۆی)، ڕەنگە هەندێ جار لەگەڵ شێوازەکانی مۆدە بڕۆیت، کەچی لەگەڵ جەستەت نەگونجاو بێت وەك: کاتێك قاچەکانت باریکن و تۆش جینزێکی شێوە (بۆڕی) تەسك لەبەر بکەیت، بەمەش شێوازت نەشیاو دەبێت. هەوڵبدە ئێکسسواری زۆر لەگەڵ جلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر نەکەیت، چونکە جوانیی هەردووانیان ون دەبێت، هەڵەیەکی گەورەیە کاتێك بەشی سەرەوە و خوارەوەی جلەکەت تاك ڕەنگ و هاوڕەنگ دەبن، بۆیە هەوڵبدە یەکێکیان جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی دیکە.






# دارێک خوێنی هەیە

لە کاتی بڕینەوەی هەر دارێك، جۆرە لیکێك لێی دەردەچێت، شێوەی لە (سیکۆتین) دەچێ لە شێوە و لیچیدا، لیکی زۆربەی دار و بار سپی و هەندێ جاریش شێلوو دەبێ، بەڵام ئەو دارە پێچەوانەی هەر دارێکی دیکە ڕەنگی سوورە و هاوشێوەی خوێنە. ئەو دارە ناوی (سەندەڵی ئەنگۆل)یە، هەروەها بە



ناوەکانی (کیات و مۆکوا و ماتینگا) بەناوبانگە، یەکێکە لەو دارانەی کە لە باشووری ئەفریقیا دەڕوێت. لیکی ئەو دارە وەك خوێن شل و ڕەنگی سوورە، ئەو جۆرە دارە بە بەرزی (١٢ تا ١٨) مەتر بەرز دەبێتەوە، بەشی سەرەوەی لە سەیوان دەچێ، هەروەها گوڵی زەردیش دەگرێت، شلەی ئەو دارە وەك چارەسەرێکی سرووشتی بۆ زۆربەی نەخۆشییەکانی گەدە و گرانەتا و مەلاریا و کێشەکانی بینین دادەنرێت، هەروەها بەهۆی پاکی و ڕەنگە سوورەکەی لە پێکهاتەی کەرەستەکانی جوانکاری ئافرەتانیش بەکاردێت.

# ماکیاژە سەیرەکانی کچێک





ماکیاژ، یان مایك ئاپ، جگە لەوەی ئافرەتان بۆ جوانکاری بەکاری دەهێنن، هەروەها یەکێکە لەو ڕێگایانەی بۆ کاری گۆڕینی ڕوخساری بە مەبەستی نواندان و فیلم بەکاردێت، هەندێکیش بۆ خۆشی و نمایش ماکیاژ دەکەن، هونەری ماکیاژ لەوەدایە کە تەواوی شێوەی ڕوخسارەکە بگۆڕیت و دیمەنێکی دیکەی پێ ببەخشی، وەك ئەو ماکیاژانەی ئەو کچە هۆڵەندییە دەیکات، ئەو کچە ناوی (جویس سپاکمان)ـە و تەمەنی (٢٣) ساڵە، بە جۆرێك ماکیاژەکانی دەکات کە شێوەی ڕوخساری هێندە دەگۆڕێت، ناتوانیت بیناسیتەوە. بەهرەی ئەو کچە لە تەمەنی (٩) ساڵیەوە دەرکەوتووە، کاتێك دەستکاری ماکیاژەکانی دایکی دەکرد و چەندین نەخش و نیگاری لەسەر قۆڵ و باسکەکانی خۆی دەکرد، دوای ئەوەی دەچێ لە بواری دیزاین و ماکیاژدا دەخوێنێت، ئێستا کارەکانی جێگەی سەرنج و ناوازەن، هەر بۆیە چەندین نمایشی بۆ کارەکانی کردۆتەوە، کە ماکیاژی وای کردووە، جێگەی تێڕامانە.




# جوانترین مزگەوتی جیهان

ماڵەکانی خوا، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هەن، تەنانەت لەو وڵاتانەش کە ئایینی سەرەکییان کریستیان و مەسیحی و بودی و ئایینەکانی دیکەیە، هەمیشەش مزگەوتەکان بە جوانترین شێوە و دیزاین و نەخش و نیگار دروست دەکرێن، تا جێگەی سەرنجی خەڵك و گەشتیارانی بیانی بن. جوانترین مزگەوت لەسەر ئاستی جیهان دەکەوێتە وڵاتی ئێران، کە لە ناوچەی (شیراز)،ە و بەشی دەرەوەی گوزارشت لە پاشا (نەسیر) دەکات، کە لە سەردەمی ئەو (قاجارییەکان) بنیاد نراوە. لە ژێر فرمانی شازادە (حەسەن عەلی نەسیر)، لە ساڵی (١٨٨٨) دروست کراوە. سەراپای ڕەنگی مزگەوتە پەمەییە، جگە لە نەخش و نیگارە سەرەنجڕاکێشەکانی هەروەها دیزاینێکی ناوازەی هەیە، لە بواری ئەندازیاریشدا بە یەکێك لە شێوە ئەندازەییە کارامەکان دادەنرێت، بەشی زۆری ناوەوەی ئەو مزگەوتە بە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە، لەگەڵ خۆرهەڵاتندا تیشکی هەتاو دەگاتە نێو مزگەوتەکە و بەر هەموو بەشەکانی دەکەوێت، بەم چەشنە دیمەنێکی ڕەنگاوڕەنگی تیشکی خۆر شی دەکاتەوە و تەواوی ژوورەکان پەمەیی دەردەکەون. ئەو مزگەوتە بە مزگەوتی پەمەیی دەناسرێت و جێگەی (٥٠٠) کەسی تیا دەبێتەوە، بنیادنانی ئەو مزگەوتە وەك ڕەمزێکی جوانی ئایینی ئیسلامە تا ببێتە یەکێك لە ماڵە جوانەکانی خوا.







# تابلۆ

تابلۆیەکی سرووشتی و ڕەنگاوڕەنگی وێنەکێشی دانیش – فەرەنسی (کامیلی پیسارۆ)یە، کە لە ساڵی (١٨٣٠) لە شاری چارلۆت ئەمریکا لەدایك بووە، ئەو وێنەیە لە گەلەری نێودەوڵەتی هونەری لە موزەخانەی ئیسرائیل دانراوە. ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٨٩٠) کێشاوە بە ناوی خۆرئاوابوون، بە بەرزی (٨١) سەنتیمەتر و پانی (٦٥) سەنتیمەترە، وێنەی سەر کانڤاس و زەیتییە، کە زیاتر ڕەنگی خەواڵوو و بێ ئومێدی تیایدا بەکارهێناوە، وەك ڕەنگی پاییز، زەردی گەڵای دار. کامیلی پیسارۆ لە ساڵی (١٩٠٣) لە پاریس کۆچی دوایی کردووە.





## پەند و وتە

مارگرێت تاتچەر، ئافرەتی ناوداری بەریتانی و سەرۆك وەزیرانی پێشوو، لە ساڵی (١٩٢٥) لە شاری گرانتامی بەریتانیا لە دایك بووە، لە ساڵی (٢٠١٣) کۆچی دوایی کرد، دەربارەی قسە و کردار گوتوویەتی: لە سیاسەتدا، کاتێك پێویستت بە قسە کردنە، لەگەڵ پیاواندا گفتوگۆ بکە، کاتێکیش پێویستت بە کردار دەبێت، لەگەڵ ئافرەتاندا مامەڵە بکە.



## کاریکاتێر

- ئەم کاریکاتێرە باس لە هەندێ لەم ڕۆژنامانە دەکات کە بە زمانی زبر و شت بڵاو دەکەنەوە و ڕۆژنامەگەریيان شێواندووە و جگە لە قسەی دوور لە کاری ڕاستگۆیی و ڕاستەقینەی خۆیان کار دەکەن.

# بۆ زانیاریت


کونی ڕەشی زەوی!

زانایان پێیانوایە دەتوانن کونی ڕەش لەسەر زەوی دروستبکەن بە بەکارهێنانی ڕێگەی تێکشکاندنی گەردیلە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا، باوەڕیان وایە ئامێرە پیاکێشەرە گەورەکەی (CERN) کە ناسراوە بە (LHC)، لە سەنتەری ئەورووپی بۆ توێژینەوە ناوکییەکان لە توانایدا دەبێت، کونێکی ڕەش بێنێتە بوون بۆ هەر چرکەیەك، ئەم پیاکێشەر و تاودەرە گەورەیە هەڵدەستێ بە وەشاندنی پرۆتۆنەکان و دژە پرۆتۆنەکان دژی یەك بە خێراییەکی ئێجگار گەورە بە جۆرێك بەسە بۆ بەرهەمهێنانی پلەیەکی گەرمی و وزەیەکی چڕ، کە پلەی گەرمی و وزەی وەها چڕ تەنیا لە کاتی ڕووداوی تەقینەوە مەزنەکەی گەردوون، چەند چرکەیەك پاش تەقینەوەکە بەرهەمهاتووە. ئەم ئامێرە پێداکێشەرە گەورەیە دەتوانێ لە ماوەی بەشێك لە ١٠٠ بەشی چرکەیەك پلەیەکی گەرمی بەرهەم بهێنێت کە ١٠٠ هەزار هێندەی چەقی خۆر گەرمترە (پلەی گەرمی چەقی خۆر نزیکەی ١٥ ملیۆن پلەی سیلیزییە). بۆ ئەوەی بتوانین کونێکی ڕەش دروست بکەین، پێویستمان بە پلەیەکی گەرمی و وزەیەکی چڕ هەیە لە ئاستی پلەی گەرمی و بڕی وزەی پێویست بێت وەکو لە قووڵایی



### ٣/٢١ - ٤/١٩ کاوڕ

دووریت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، کێشەکانت زیاتر دەکات، بۆیە هەوڵبدە نزیکیان بیت و تەبا بن. کەسێکی زیرەکی بۆ چارەسەری کێشەی خەڵکی دیکە، چەند پێشنیارێکت بۆ دەکرێت کە دەبێتە هۆی شادبوونت و لایەنی سۆزداریشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.



### ٤/٢٠ - ٥/٢٠ گا

کەسایەتیت بپارێزە و ماوەیەکە کەسێك چاودێریت دەکات و دەیەوێ هەندێ لە بیرۆکەکانت بۆ خۆی ببات، ئەمڕۆ بەختت باش دەبێت و سەبارەت بە هەندێك پرۆژە، یان پرسیارێك وەڵامی دڵخۆشکەر دەبیستیت و خەمەکانت سووك دەبن.



### ٥/٢١ - ٦/٢٠ جمک

هەڵمەتێکی جوانت دەستپێکرد تا بە ئەنجامی ئەو کارانەی ئێستات بگەیت، دوودڵ مەبە و بەردەوام بە تا بە داهاتوو دەگەیت، بەهۆی ڕاستگۆیی و سۆزی بێ وێنەتەوە بەسەر چەند کۆسپێکدا زاڵ دەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بە هێمنی و بێ گیروگرفت تێپەڕ دەبێت.



### ٦/٢١ - ٧/٢٢ قرژاڵ

هەوڵەکانت بە ئەنجامێکی باش کۆتاییان پێدێت، بۆیە بیرۆکەی کارەکانت فەرامۆش مەکە، بڕیاری بەپەلە مەدە، ماوەیەکە زۆر لەخۆباییت، بۆیە کەسانێك بەرەنگارت دەبنەوە، دان بەخۆتا بگرە، چونکە لەوانەیە تووشی بێزاربوون بیت.



### ٧/٢٣ - ٨/٢٢ شێر

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و هەست دەکەیت ژیانت بەرەو خراپتر دەچێ، وابیر مەکەوە و گەشبین بە، هەنگاوەکانت باش دەڕۆن و بەخت تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵتە، بواری خۆشەویستیت لەوپەڕی باشیدایە، بەڵام واز لە خەیاڵ بێنە.



### ٨/٢٣ - ٩/٢٢ گوڵەگەنم

کەسێکی هەست ناسکی و بڕیارەکانت بەخێرایی دەدەیت. کەسێك ماوەیەکە نزیکە لێت، بەڵام کێشە و گرفت لە نێوانتان دروست دەبێت، تۆش کەسێکی دڵت زۆر ناسکە، بە یەك وشەی ناخۆش پەستەء خەمبار دەبیت، هەوڵبدە مێشکت کراوە بێت، چەند کیشەیەك دەورتی داوە، بەڵام کاتییە و ئارام بە.



# سەما کردن لەگەڵ نەهەنگ و قرش

ئەوانەی لە نزیك و دووردا گیانداری دەریایی (قرش)یان بینیوە، چەند لێی دووربن، زیاتر دوور دەکەون تا لە مەترسیی ئەو گیاندارەوە سەلامەت دەرچن، کەچی ئەو کچە رووسیە پێچەوانەی خەڵك لە تەنیشت قرشە زەبەلاحەکانەوە سەما دەکات، ئەو خانمە نمایشکارە ناوی (ئیرینا)ی تەمەن (٢٨) ساڵە، وادیارە لە خۆی بێزارە و خۆی داوەتەوە بەردەم دەمی ماسی و قرش و نەهەنگەکانی زەریای هیندی، کە لە کەنداوی (مالدێف) و بە هاوکاری وێنەگرێکی رووس بە ناوی (ئەندرێ نیگراسۆف) وێنەی ئەو خاتوونەیان لەگەڵ قرشە ترسناکەکاندا گرتووە و کە نمایشکارە لە کاتی سەماکردنە و بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەو گیاندارە دەریاییانەوە هێرش بکرێتە سەری، ئەوەی سەیرە ئەو گیاندارانە بە دەورەبەری خانمە نمایشکارەکەدا دەخولانەوە.



گەردوون.

ئەو کونە رەشانەی زانایان دەیانەوێ دروستی بکەن، قەبارەیان زۆرر بچووکە، بە جۆرێك بارستەی کونێکی رەشی وەها تەنیا چەند سەد هێندەی پرۆتۆنێك دەبێت.

ئەم کونە رەشە خێراش بزردەبێت و لە ناودەچێت.

کونی رەشی مایکرۆسکۆپی کە بارستەکەی دەگاتە نزیکەی ١٠٠٠ هێندەی بارستەی پرۆتۆنێك، دەردەکەوێت و پاشان لە ماوەی ١٠ بە توانی – ٢٧ چرکە لەناو دەچێت، ئەمەش واتە ملیار لەسەر ملیاری نانۆ چرکەیەك.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کارەکانت بە جوانی بەڕێ دەکەیت، بەڵام ئەنجامەکانی بە دڵت نابن، کەسێکی راستگۆی، بەڵام کەسانێکی نزیکت بە هەڵە لێت تێدەگەن، ئاگاداربە ئەو ماوەیە فشارو پاڵەپەستۆت لەسەر زیاد دەبێت، پێویستە لە هەڵسوکەوتەکانت نەرم و هێمن و لەسەرخۆ بیت.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

خەریکی کاری خۆت بە و بەشداریی ژیانی کەسانی دیکە مەکە، ئەوەی لەم ماوەیە کردت، بووە مایەی پەشیمانیت، باشترە کەمێك خۆت دووركەیتەوە لەدەوروبەرت و خۆشت لە کاروباری خەڵك هەڵنەقوڵتێنی، ئەگینا زیانت پێ دەگات، ئاگادری خۆت بە.

## شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

شایەنی ئەو هەڵانە نەبووی، کە کەسێك بە تۆی کرد، بۆیە دووبارەی مەکەوە و پارێزگاری لە خۆت بکە، کات لەبارە بۆ بەستنی پەیوەندی دەستگیرانی و هاوسەری، ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە، چونکە بەخت بەشێوەیەکی چاك یاوەرتە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بە کارە بێ ئەنجامەکان مەڕووخێ و بەردەوام بە لە هەوڵدانت، بە قسەی کەسانی دیکە رەفتار مەکە و کاری خۆت فەرامۆش مەکە، ئاگاداری هەڵسوکەتت بە، چونکە لەم یەك دوو رۆژە هەست بە ماندووبوونە هیلاکی دەکەیت و باری دەروونیت ئاڵۆز دەبێت.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

وریای هەنگاوەکانت بە و مەهێڵە بە ئاسانی لە دەستیان بدەیت، ئەو ماوەیە دڵتەنگ بووی، بەڵام هەر زوو کۆتاییان پێدێت، رووداوێکی گرنگ کاریگەری لەسەرت دەبێت و وات لێدەکات شەڕ لەگەڵ خۆشت بکەیت، بۆیە پێویستیت بە هێمنی زیاتر هەیە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە راستی را مەکە و هەوڵەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسێك دڵی تۆی مەبەستە و بۆ ماوەیەك رێگەی بدە، هاوکاریت بکات، بە هۆی هەڵسوکەتی چەند کەسێکی نزیکت هەست بە نارەحەتی دەکەیت، یاخود ناکۆکییەك لە ژیانت سەرهەڵدەدات.